# هێرش و سکاڵاو داخستنی راگەیاندنە کوردییەکان ئیدانە دەکەین!

لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی هەریمی کوردستان (کوردستانی باشوور) کەسەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە، ئیمزای لەسەر یاسای کاری رِۆژنامەگەری لەکوردستان کردووە. بەلآم خودی پارتەکەی خۆی بەپیچەوانەی ئەم یاسایە مامەڵە دەکەن. ماوەیەکە لەرێگەی تۆمارکردنی سکاڵا دوور لەواقیعی سزای یاسای رِۆژنامەگەری لەباشووری کوردستانەو، کەوتونەتە چاوترساندنی راگەیاندن، ئەمەش پیچەوانەو نادیدە گرتن و پیشێلکردنی ئەو یاسایەیە.

لەبەرامبەر ئەم هەڵویستەی پارتی دیموکراتی کوردستان گرووپی رِۆژنامەنووسانی بیسنووری کوردستان نیگەرانی خۆی نیشان دەدات و، داوا لە دادوەری گشتی هەریم دەکات کە جلەوی ئەو ناحەقیە بگریت ولەهەمانکاتیشدا داوا لەپارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین لەجیاتی سکاڵای ناڕاسایی و هەرِەشە و تۆقاندن رِیگەی تر بگریتە بەر ئەویش بلاوکردنەوەی رِوونکردنەوەو بەدروخستنەوەی لەریگەی بەڵگەنامەو دیکۆمیتەوە .

با کاك مەسعود سەیری باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا بکات کەخودی خۆی لەجیاتی سکاڵا تۆمارکردن یان هەرِەشەی کوشتن و داخستن لەکۆنگرەی رِۆژنامەوانی وەلآمی ناحەقی و ناحاڵیبووەکان دەداتەوە.

**هاوکات هیرش کردنە سەر نوسینگەی کەناڵی ئاسمانی (رِۆژ تیڤی) بەتوندی ئیدانە دەکەین و، داوا دەکەین بەرپرسانی پۆلیس و دادگای دانمارك چیتر بەم جۆرە هەڵویستانە خزمەت بەئەجیندای شۆفێنی تورکیا نەکەن و هەروەها داخستنی رِۆژنامەی ئازادیا وڵات و رِۆژنامەی رِۆژەڤ ئیدانە دەکەین. داخستنی ئەم دوو رِۆژنامەیە، قسە و لێدوانی بەرپرسانی دەوڵەتی تورك دەکاتە بلقی سەرئاو کاتێك باس لەچارەسەری کێشەی کوردو کرانەوەی دیموکراتیك دەکەن.**

**گرووپی رۆژنامەنووسانی بێسنووری کوردستان**

**هەولێر**

3/9/2010

**دەتوانن راوبۆچونی خۆتان لەمبارەیەوە دەرببرن، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی سایتەکەمان بکەن!**

http://www.besnuri.com